# کێشە سیاسییەکانی عیراق
# و
# چارەی کۆنفیدرالیزم...!

**دارامەحمود**

کێشەی پێکهێنانی حکومەتی عیراق، تەنیا نیشانەدری تاکە قەیرانێک لەسەر ئاستی پێکهێنانی حکومەتدا نییە. بەڵکو ئەوەی سەلماند کە بێ باوەڕی گروپ و لایەنە سیاسییەکان بەیەکترو نەبوونی میکانیزمێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەر لایەک ومسۆگەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانە لەسەر ئاستی ستراتیژیک، زۆر لەوە زیاترە کە چاوەڕوان دەکرا.
کێشەی ڕێکەوتن لەسەر ئەم یان ئەو پۆستی حکومی لە واقیعدا بە تەنیا بۆ خۆی کێشەیەکی هێندەگەورە نییە. بەلاَم بە خوێندنەوەی هەموو دیو و ڕەهەندەکانی کێشەکانی تر و کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و ئاڵۆزی ئەو کێشانە...سەرمان سوڕنامێنێ لەوەی دوای چوار مانگ تێپەڕبوون بەسەر هەڵبژاردندا پێکهێنانی حکومەتی وڵاتێک کە ناسکترین قۆناغەکانی خۆی بەسەردەبات لەسەر دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکانی ناو ئەو حکومەتە پەکی کەوتبێت. چونکە بە ئاشکرا دیارە کە ئەمە تەنیا ڕواڵەت و بەهانەی قەیرانەکەیە. بەڵام هۆکاری ڕاستەقینە و کاکڵی کێشەکە لەمەدایە کە هەر لایەنە خاوەنی ئەجێندایەکی سیاسی ستراتیژیکی خۆیەتی کە بە هیچ شێوازێک نەک هەر لەگەڵ ئەجێندای لایەنەکانی تردا ڕێک ناکەوێت، بەڵکو بەسەختیش دژایەتی دەکات. و هەربۆیە کێشەی سیاسی عیراق تەنیا پەیوەستەی ئەمە نییە کە ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئایندە زۆر درێژە دەکێشێت یان کەم. واتا هەر بەگریمانە چ هەر ئەمرۆ ئەو ڕێکەوتنە پێک بێت، یانیش بۆ کاتێکی کورت یان درێژی داهاتوو هەروا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، ڕاستییەک دەسەلمێنێ، ئەویش ئەمەیە کە ناکۆکی و کێشەی لایەنەکان چ بەخۆ بزانن یان نا، هەرچی زۆرتر عیراق بەرەو پارچەبوون دەبات. پارادۆکسەکەش لەمەدایە کە هەڵوێست و ئەنجێندای ئەو لایەنانەی لە هەمووان پتر لە خەمی یەکپارچەیی عیراق دان، لەهەمووان زۆرتر پارچەبوون خێراتر دەکات.
هەر بۆیە هەندێک لایەن و کەسایەتی کوردو عەرەب...دەستیان لەوە شوشتووە کە ئیتر بواری ئەوە مابێت باس لە عیراقێکی یەکپارچە و ئارام وسەقامگیر بکرێت. چونکە تا ئێستا دەگوترا مەحاڵە کوردو عەرەب لە ناو سنووری سیاسی یەک وڵاتدا بتوانن پێکەوە بژین. بەڵام ئێستا ئەمەشی هاتۆتەسەر کە مەحاڵە شیعەو سوونە بتوانن بە تەبایی پێکەوە بژین. و ئیتر پرس ئەوە نییە کە عیراق پارچەدەبێت یان نا. بەڵکو پرسی ئەوەی چۆن پارچە بێت، و چ جۆرە پارچە بوونێک هەڵبژێرین کە لە جۆرەکانی تر کەم زیان تربێت.!! واتا گەڕان و دیتنەوەی چاکترین ڕێگاو شێوازی پارچەبوون، کە لانیکەم پرۆسەی پارچەبوون هێمنانەو یاساییانە بەڕێوەبەرێت و ئایندەیەکی سەقامگیرو ئارام بۆ عیراقی دوای پارچەبوون و ناوچەکەش مسۆگەر بکات. ئەم چارەسەرییەش یەکیەتی کۆنفیدرالیی (confederation)ە.
کۆنفیدرالی بریتییە لە یەکییەتی ئارەزوومەندانەی چەند وڵات بۆ هاوکاری و لایەنگیری یەکتر لە کێشە جۆربەجۆرەکاندا و پاراستن و داکۆکی لە بەرژەوەندی یەکتر کردن.
یەکیەتی کۆنفیدرالی بە پێچەوانەی فیدرالییەوە خاوەنی دەسەڵاتێکی نێوەندی وا نییە کە هاوڵاتیانی دەوڵەتەکانی ناو ئەو یەکییەتییە ملکەچ و گوێ بە فەرمانی بن. بەڵکو هەر دەوڵەتە خاوەن سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی

خۆیەتی و بواری ئازادی دەسەڵات و سەربەخۆیی هەر یەک لەو دەوڵەتانە زۆر لەوە زیاترە کە سیستەمی فیدرالی بە هەرێمەکانی دەبەخشێت.
ئەڵمانیا لە نێوان ساڵانی 1818-1866، هۆڵەندا 1580-1790، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 1778-1787...بەر لەوەی ببنە دەوڵەتی فیدرالی، خاوەنی سیستەمی کۆنفیدرالی بوون.
لایەنگرانی ئەم تێزە نوێیە لە عیراقدا، پشت بەو گریمانەیە دەبەستن کە لەبەرئەوەی لە سیستەمی کۆنفیدرالیدا هەر لایەنەی بە شێوەیەکی ڕەها ، و لە چوارچێوەی سنووری سیاسی و یاسایی خۆیدا حوکمی خۆی دەکات، هۆکارەکانی کێشەو ململانێی توند لە ئارادا نامێنن و ئەو یەکیەتییە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی... دەبێت و لەبری ململانێ و ناکۆکی بەرژەوەندییەکان، هاوکاری و هاویاری دێتە ئاراوە.
بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی زۆر پرسیار دەبینەوە، لەوانە: ئایا لایەنە سیاسییەکانی عیراق ئەگەر لە دەستنیشانکرنی کەسایەتییەک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و پۆستەکانی تر نەتوانن ڕێک بکەون، چۆن لەسەر سنووری سیاسی ئاوی وخاکی هەر یەک لەو دەوڵەتانەی ئایندە ڕێکدەکەون..؟ ئایا چ میکانیزمێک کێشەی کەرکوک لە نێوان کوردو عەرەب و کێشەی بەغدا لە نێوان شیعەو سوننەدا چارەسەردەکات..؟
ئایا عەرەبی سوننە هەروا بە ئاسانی ملدەدات باکورو باشور لە نەوتدا مەلەبکەن و ئەوانیش بەشی داگیرساندنی فتیلەیەکیان نەبێت و ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت..؟ ئایا چی دەوڵەتەکانی ناوچە ناچاردەکات لەبەرانبەر وەها پێشهاتێکدا بێدەنگ بن..؟ و ئەمانەو چەندان پرسیاری تر.
بەڵام ئەگەر ئەم چارەسەرییە هێندە واقیعیانە خۆی نەنوێنێت، دیسان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە، ئەی چار چییە؟ و ئەگەر لە کێشەی پێکهێنانی حکومەت و گرفتە سیاسییەکانی تریش بگوزەرێین، ئەی کەی و چۆن لافاوی خوێنی خەڵکی بێ تاوان لە بەغداو شارەکانی تر ڕادەوەستێت. و مرۆڤ تاکەی دەتوانێ لەبەرانبەر ئەو هەموو گیانانەی ڕۆژانە وەک گەڵای دار هەڵدەوەرن بێدەنگ بێت..؟
هەربۆیە گەرچی پیادەکردنی پرۆژەیەکی وەک یەکیەتی کۆنفیدرالی کارێکی هێندە ئاسان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەو ئەگەرو چارەسەریانەیە کە شایستەی لیکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنە.

darachimen@hotmail.com
2006/04/20